## شینی شارێک لە مەرگی غوربەتی تۆدا

بیداری بەیانێکی کشومات لەدەرکی ماڵانی دەدا.
بەیەنییەک دارگەڵا ئەرخەوانیەکانی پارکی ئازادی،
وەک ئەویندارانی شار لەدوورڕا لەشەقامەکانیان دەڕوانی.
ڕوانینێک پڕلەحەسرەت،
شەونمی شەو بۆتە ئەسرینی سەرگۆنایان!؟

بەیانێک شار لەچاوەڕوانی.
لە خەم و بیداری،
تێکڕا سەیری دەلاقەی تەلخی
پەنجەرەکانیان دەکرد.
شار بێدەنگ.
پیرەکانی شار بێتاقەت،
دەڵێی ڕەوە ئەنفالێکی ترە دێت ئازیزێک دەبا!

لەم ئەیشومەیشەدا! پێنووسێک تەنیا دێودەچێ،
هاواردەکا،
دەست بۆ داوێنی چەن گۆڤاری تازە دەرچوو درێژ دەکا!

شار بێدەنگ؟
گۆیژە داهێزراوە وەک ئەوەی کۆستی کەوتووە؟
بێ کەیف کەس نادوێنێ،
وێنەی کیژۆڵەیەکی ناوپۆلی وانەخوێندن،
مات لەگەڵ گزنگی بەیان دووردەڕوانن،
تابالای ئەو بووکە ڕەش پۆشە سەیرکەن،
وا ئەمڕۆ بۆتە بەختی.

شار مات بێدەنگ؟
تەنیا پێنووسەکانن دێن و دەچن.
ئەوانن ڕازەکۆنەکان دەدوێنن.
ڕازێک زۆر لەمێژە لەکۆڕی شاعیرانی شار دێ و دەچێ.
ڕاوێژ لەگەڵ قوتابی قوتابخانەکان دەکات،
سەر بەماڵی کتێب خوێن و
گەڕەکە کۆنەکانی شاردادەکا؟

تەتەر بۆدیار بەکر و سنە دەنێرێ.
هەواڵیکی کتێبخانەکەی مەستوورە دەپرسێت،
لە ئەستەمبوڵیش میوانی حاجی قادر دەبێت،
لەهەندەرانیش دەچێت سەرێک لەماڵە چۆڵەکەی جگەرخوێن دەدا.

ئەمڕۆ سلێمانی وەک حاڵی پەشێوێک!
وەک بووکی چاوەڕوان چارشێوێکی ڕەشی تازیەباری
لەسەر شانی داناوە،
چەشنی ئەوەیی هەموو شار دەچنە گردی سەیوان!
ئەمیش دەبێت بڕوات و دەستە گوڵی خەم لەسەر سینەی
گۆڕێک دانێت.

شار بێدەنگ،
لەسەر شەقامەکانیش
تەنیا هەواڵێک ڕادەبورێ.
لەپڕ چەند بەرگە پەرتووکی مەولەوی بەخەبەردێن،
کۆمەکۆم لە قەفەزەی سەرەوەی ماڵەکە دێنە خوار،
هەمووش تۆز سەر وشەکانی گرتوون.
بەدڵەخورپە دێنە دەرکی کتێبخانە کۆنەکی شار.

یەک یەک وەرەقی زەردی خۆر گەستویان هەڵدەدەنەوە،
ئینجا بەدنگێکی پیرانە لەچایی خانەکەی عەبەی مەلا
دەپرسن"
هۆ کوڕەی چایی چی، چییە وا شار ناشادە؟
ئەی بۆ قوتابیەکانی دەرکی زانکۆ ماتی دایگرتوون و
دەچنەوە بۆماڵ"!

"هیچ نییە، هیچ نییە. لەوانەیە میوانت بۆبێت".

لەم هەراهەریەدا، لەگۆشەیەکی شار،
لەتاقچەی ماڵێکی تەنیا کەوتوو،
لەتوێی بەرگی دەفتەرە شێعرەکەی جەمیل ڕەنجبەردا،
قەڵەم بێ کەیف، وەک کۆست کەوتوو خۆی دەدواند.
دزەدزە وشەکان دەپشنێکێ و دەڕوا،
دەچێتە حەوشەی قوتابخانە کۆنەکەی ئەسحابەسپی،
خۆ بەژووردادەکا و لەسەر تەختەڕەشەکە دەنووسێت"
بەیانیت باش مامۆستا،
هاتووم ئەمڕۆ تاوێک لاتان بم،
گوێم لەو وشانەبێت بەیەکمان دەناسێنێت".

قەڵەم لە پەنا قوتابیەکی شەرمێوندا، بێتاقەت و بێ
جووڵە!
وەک ئەوەی هێزی نییە،
وەک ئەوەی ئەو پەنجانەی ئەوی لەئامێز دەگرت
بەتەمای سەفەرە،
سەفەرێک بەبێ ماڵ ئاوایی و بێدەنگ.

قەڵەم مات چەقیوەتە سەر ڕوخساری کوتەکاغزێکی
نیوە نووسراو،

ڕاماو وەک ئەوەی لەگەمارۆدابێ!
وەک ئەوەی دوو سەربازی دەوڵەت بێن پێ لەسەر ملی دانێن،
تا بێدەنگی کەن.

شار قەرەباڵخ، هەموو لەیەک دەپرسن؟
ژنە ڕازاوەکانیش لەو وشە شێعرانە دەپرسن،
خۆیانی تێدان و هەر ڕۆژە دەیان دوێنێت،
هەرڕۆژەش لاپەڕەی ژانێکیان لەگەڵ هەڵدەداتەوە.

کوڕە لاوەکان بەدوای وشەی ئەو بەیتەوەن،
وا ئەوینی ئێوارێی سەر شەقامی لێ نووسراوە.

لەولاوە چەند هەنگاو دوورتر،
دوو ژن بۆ کۆستی ئەنفال دەگرین.
پۆلێک منداڵی قژ ئاڵۆزاو لەگەڵ
دارتووە پیرەکەی، کۆنە گەڕکی سابونکەرانی سلێمانی دەدوان.

قەڵەم هێشتا ماتی بەری نەداوە!
دەیەوێت قسە بکات تا زۆرتر لەوەی بوو بدوێت،

بەڵام هرچی دێ و دەچێ، بەیادەکاندا دەچێتەوە،
ئەمبەراوبەری شەقام دەکا،
بانگی دابان و هەلاج دەکا!
سەر بەئەشکەوتەکەی خڕەی نازەنگدادەکا،
نازانێ چۆن ناخی خۆی بنووسێت.

خەمبار وەک کۆتری دەستەمۆ باڵ لێک دەدا،
تەقڵە و گمەگم لەسەربانی ئەوین دەفڕێ،
پۆلێک وشەی بەدەنووک گرتووە،
دەڕواو باڵ لێک دەدا،
دەڕوات تا لەگەرمیان بەدوای منداڵێکی گومی ئەنفالدا بگەرێ.

شێرکۆبێکەس ئەی دەنگی ناو بێدەنگی ڕۆژە ئاورینەکان،
تۆ نەعرەتەی سەنگەری ژێر تۆزی ژەهر و بوغزی وڵاتی کاول بووی.
مخابن وا ئێستا چرپەی بزووتنی ژانی لێک ترازان دەبیستم!

دابڕنی تۆ و پیتە زێڕینەکانی نوکی قەڵەمی تۆ،
کە لەگەڵ خۆر سەمادەکەن و

وەک باران زەوی ئاودەدەن و
لەگەڵ لێو گۆرانی دەچڕن و
لەگەڵ ژنێکی ڕەجم کراویش دەگری،
لامانن و وەک خۆت دەمان دێنن.
ئاخ ژانی جودای،
ئەو جوودایيەیی لێکمان دادەبڕێ!
بەڵام تۆ
وەک زەردەخەنەی لەسەرلێوی باڵانبۆ،
بۆ هەمووکوردستان پێدەکەنی.

٣١/٧/٢٠١٣
ئەحمەد بەهرامی"تورجان". ئەم پەخشانە، سێ ڕۆژ پێش مەرگی شێرکۆبێکەس نووسراوە.